# قەیرانی قەتەر، دیوی دووەمی ململانێی ئێران - سعودیە

## بە بڕی 335 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە وڵاتانی جیهان هەیە

## لە کوردستانیش خاوەنی 60%ی پشکەکانی کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ)ە

قەتەر وڵاتێکی بچووکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نیوە دوورگەی عەرەبی و ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی سەرژمێری ساڵی 2016 ملیۆنێك و 900 هەزار کەسە، یەك ملیۆن و 500 هەزار بیانیش لەو وڵاتەدا دەژین. هەرچەندە وڵاتێکی بچووکەو ژمارەی دانیشتووانەکەی کەمە، بەڵام خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکی ئابوری گەورەیەو بە بڕی (335) ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە وڵاتانی جیهاندا هەیە.

بەهۆی واژۆکردنی چەندین گرێبەست بە بڕی دەیان ملیار دۆلار لەلایەن دەزگای قەتەری بۆ وەبەرهێنان و وەبەرهێنەرانی سەربەخۆوە، قەتەر توانی ببێتە خاوەنی یانەکانی تۆپی پێی ئەوروپا، مارکەی بەناوبانگی جیهانی،

کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی ئەڵمانی، بەشێکی پشکەکانی کۆمپانیای ڕۆس نێفت، بەم شێوەیە قەتەر بووەتە چواردەهەمین دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان. هێڵی فڕۆکەوانی قەتەری، کە لەلایەن دەزگای وەبەرهێنانی قەتەرەوە پاڵپشتی دەکرێت، سەرپەرشتی فڕۆکەخانەی (حەمەد)ی نێودەوڵەتی دەکات، کە بە بڕی 17 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە.

## قەتەرو ئەورووپا

کیشوەری ئەوروپا بەردەوام بووەتە شوێنی وەبەرهێنانی قەتەر، بە جۆرێك ئەو وڵاتە ملیاران دۆلاری لە چەندین وەبەرهێنانی سەرکەوتووی وەکو ئۆتۆمبێلی ئەڵمانی، فاشیۆن و دیزاینی ئیتاڵی و یانەکانی تۆپی پێ لە وڵاتانی ئەو کیشوەرە خەرج کردووە. لە ساڵی 2008 لە کاتێکدا جیهان بە قەیرانی ئابووریدا تێدەپەڕی. شێخ حەمەد بن جاسم ئال سانی، سەرۆك وەزیرانی پێشووی قەتەر، کە یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی قەتەر بە بڕی 1.85 ملیار دۆلاری ئەمەریکی وەبەرهێنانی لە بانکی ئەڵمانیا کردووە. هەروەها دەزگای قەتەر بۆ وەبەرهێنان خاوەنی زۆرترین پشکی کۆمپانیای ڤۆلکس ڤاگنی ئەڵمانیە کە تایبەتە بە دروستکردنی ئۆتۆمبێل. جگە لەمانەش، قەتەر خاوەنی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسیە کە لە ساڵی 2011دا کڕیویەتی و تاوەکو ئێستاش چوار نازناوی خولی فەرەنسای بەدەستهێناوە.

مەیهولا، کە کۆمپانیایەکی تری وەبەرهێنانە لەلایەن وەبەرهێنەرانی قەتەریەوە پشتیوانی لێدەکرێت، لە ساڵی 2012 دا بە بڕی (700) ملیۆن یۆرۆ براندی بەناوبانگی ڤالانتینۆی کڕیوە.

## قەتەرو بەریتانیا

لە ساڵی 2014دا وەبەرهێنانی قەتەر لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بەلایەنی کەمەوە گەیشتە (35) ملیار دۆلار، بە جۆرێك لە هەندێك شوێنی لەندەنی پایتەخت قەتەرییەکان لەناو خانووی خۆیان، بازاڕی خۆیان و شوێنی کارکردنیان دەمێننەوە، واتا هەموو شتێکیان کڕیوە. گرووپێك هەیە کە قەتەر سەرۆکایەتی دەکات، لە ساڵی 2015 کەناری وارفی کڕی، کە یەکێك لە بەناوبانگترین ناوچەکانی کارکردنە لە لەندەن. کەناری وارفی تاوەرو چەندین بانکی لێیە، جگە لە چەندین شوێنی بازرگانی گەورەی دیکە، بەڵام وەبەرهێنانەکانی قەتەر تەنها پەیوەست نین بە بواری تاوەرو خانووبەرە، بەڵکو دەزگای قەتەر بۆ وەبەرهێنان زۆرترین پشك (22%)ی لە زنجیرە سوپەرمارکێتەکانی سەینسبێری کڕیوە، کە دووەم گەورەترین زنجیرە سوپەرمارکێتی بەریتانیایەو دەستی بەسەر 17%ی بازاڕی بەریتانیادا گرتووە.

> **لە ساڵی 2014دا وەبەرهێنانی قەتەر لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بەلایەنی کەمەوە گەیشتە (35) ملیار دۆلار، بە جۆرێك لە هەندێك شوێنی لەندەنی پایتەخت قەتەرییەکان لەناو خانووی خۆیان، بازاڕی خۆیان و شوێنی کارکردنیان دەمێننەوە، واتا هەموو شتێکیان کڕیوە**

## قەتەرو ڕوسیا

ڕێژەی 7%ی پشکەکانی کۆمپانیای ڕۆس نەفتی ڕوسی موڵکی قەتەرن، هەروەها قەتەر 24.9%ی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سان پترسبۆرگی ڕوسیشی کڕیوە.

## قەتەرو ئـەمەریکا

سەرەتا قەتەر لە وڵاتانی ئەوروپا بە چەندین ملیار دۆلار وەبەرهێنانی کردووەو ئێستاش گەشەی زیاتری کردووە، بەڵام ماوەیەکە چاوی بریوەتە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. دەزگای قەتەر بۆ وەبەرهێنان لە ساڵی 2015 ئۆفیسی خۆی لە نیویۆرك کردەوەو پلانی دارشتووە تاکو ساڵی 2020دا بە بڕی (35) ملیار دۆلار لە سێکتەرە جیاوازەکاندا وەبەرهێنان بکات.

## قەتەرو هەرێمی کـوردستـــان

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (فاینانشیاڵ تایمز)ی بەریتانی، ساڵی 2012 کۆمپانیای (ئۆریدۆ)ی قەتەری پێشتر ناوی کیوتێل بوو رێژەی 30%ی پشکەکانی کۆمپانیای (ئاسیا سێل)ی بەبڕی یەك ملیارو 70 ملیۆن دۆلار کڕیوە، پێشتریش خاوەنی 30%ی پشکەکانی بـووە، بەم شێوەیەش بووەتە خاوەنی 60%ی پشکەکانی کۆمپانیاکە.

وڵاتی قەتەر لە پێشکەوتووترین ئاستی راگەیاندندایە لە رۆژهـەڵاتـی نێوەڕاست بەهۆی بوونی چەند کەناڵێکی پێشکەوتوو، لەوانە کەناڵی (جەزیرە)، کە ئەم کەناڵە چەندین کەناڵی لاوەکیشی هەیە بۆ بـواری منداڵان و وەرزشـی و دۆکیۆمێنتاری.

رۆژی 5ی حوزەیرانی 2017 هەریەکە لە شانشینی سعودیە، ئیماراتی عەرەبی، بەحرەین، میسر، یەمەن، لیبیا و ماڵدیڤ پەیوەندییە سیاسی و دیپلوماسییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاند، بە پاساوی پشتگیری کردنی گروپە توندڕەوەکانی وەك ئیخوان موسلمین و داعش و قاعیدە و دەستتێوەردانی دەوحە لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانە، پاشان (50) گەشتی ئاسمانی بۆ قەتەر هەڵوەشێندرانەوە و دۆخەکە ئاڵۆز بوو. حکومەتی قەتەر لە یەکەم کاردانەوەیدا رایگەیاند کە «دڵگرانن بەو هەنگاوە بێ پاساوەو شکست بەو هەوڵانەش دەهێنن، کە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئابوری و کۆمەڵگەی قەتەری دەدرێت و بریارەکەش بێ بنەمایەو دوورە لە راستیەوە». جارێکی تریش کۆماری ئیسلامی ئێران بـووەوە جێی مشتومڕێکی سیاسی پەیوەست بە قەیرانی وڵاتانی کەنداوی فارس. دەستپێکردنی

ئەم قەیرانە نوێیە دوا بەدوای سەردانەکەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە بۆ عەرەبستانی سعودیە و کۆبوونەوەی لەگەڵ رێبەرانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا. ترامپ لەو سەردانەیدا جەختی لەسەر بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی تێرۆریزم کـردەوە و ئێرانیشی بە سەرچاوەو بە پشتیوانی تێرۆریزم ناوزەد کرد لەم ناوچە گرنگەی جیهاندا.

هەموو ئەو وڵاتانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوحە پچڕاند لەو بریارەیاندا ئاماژەیان کردووە بە گومانەکانیان سەبارەت بەو شێوە پەیوەندییانەی لە نێوان قەتەرو ئێران هەیە، ئەمە بێەوەی قەتەر بە یارمەتیدانی گروپ و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە ئەو لایەنانەی سەر بە ئێرانن لە ناوچەکانیاندا تۆمەتبار دەکەن.

شانشینی سعودیە رایگەیاندووە کە قەتەر هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ تاکو ئێران بگەڕێنێتەوە سەر شانۆی جیهانی، لە کاتێکدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاران بەهۆی جموجووڵ و هەڵسوکەوتەکانیەوە لە ناوچەکەدا پەراوێز خراوە. ماوەی دوو ساڵ دەبێت سعودیە سەرکردایەتی ئەو هاوپەیمانێتیە دەکات کە بۆ پشتیوانی حکومەتی یەمەن پێکهێنراوە و کەوتە لێدانی چەکدارە حوسییەکان کە شیعە مەزهەبن و ئێران پشتیوانیان لێدەکات. پێشتریش قەتەر بە شێوەیەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگر لەگەڵ هەڵوێستەکانی وڵاتانی کەنداو بۆ دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبووە و داوای کردووە، کە ئەو هەستەی دژ بە ئێرانە لە ناوچەکەدا بڕەوێتەوەو پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵدا دروست بکرێت.

ئەگەرچی ئەم قەیرانە نوێیە زیاتر تانوپۆیەکی ئاینزایی و مەزهەبی پێوەیە، بەڵام ناشکرێت دۆستایەتی و پشتیوانییەکانی قەتەر بۆ ئیخوان موسلمینەکانی وڵاتی میسریش بە هەند وەرنەگیرێت وەك هۆکارێکی تر بۆ ساردو سڕی ئەو پەیوەندییانەی نێوان قەتەرو وڵاتانی تری کەنداو. تورکیا لایخۆیەوە ئامادەیی نیشانداوە بۆ ناردنی هێزی سەربازی بۆ هاوکاری قەتەر، لە کاتێکدا زۆرێك لە وڵاتانی جیهان داوای دیالۆگێکی چڕو پڕ دەکەن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم قەیرانەو گەیشتن بە چارەسەر.

لێرە چەندین پرسیار دێتە گۆڕێ سەبارەت بەم قەیرانە نوێیەی

ناوچەی کەنداوو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی. ئایا ئەوەی ڕوودەدات بەشێکە لە ململانێی شیعەو سوننە لە ناوچەکەدا؟ ئایا کات و شێوازی فشارەکان بە چ جۆرە پەیامێك لێکدەدرێنەوەو ئامانجیان چییە؟ ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت دەستبەرداری قەتەر بێت لە پێناو عەرەبستانی سعودیە، لە کاتێکدا گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمەریکا لەسەر خاکی قەتەرە؟ ئایا قەتەر ملدەدات بۆ فشارەکانی عەرەبستانی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو؟ ئایا ناردنی هێز لەلایەن تورکیاوە بۆ قەتەر دەبێتە مایەی جموجووڵی تری سەربازی لە ناوچەکەدا؟ ئایا هەر بە گوشار خستنە سەر قەتەر کۆتایی بە پشتیوانییەکانی بۆ تێرۆریزم دەهێنرێت؟

لە ئێستادا میسرو هەندێك لە وڵاتانی کەنداو هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەر بچڕاندوو ئەمەش وەکو ڕاگەیاندنی باری جەنگە لەگەڵ ئەو وڵاتەداو باس لەوە دەکرێت ئەمەریکا بنکەی (عێدید) بگوێزێتەوە و تا دێت ڕووداوەکان بە ئاقارێکی تردا دەڕۆن، هەر بۆیە ئەم پێشهاتانە جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێی لەناو هاوڵاتیانی قەتەر بڵاوکردەوە لە ڕووی ئابوریشەوە ئەو وڵاتە تووشی زیانێکی گەورە بوو بەهۆی دابەزینی نرخی پشك و کاغەزە داراییەکانی قەتەر کە باس زیاتر لە (7) ملیار دۆلار دەکرێت .

سەپاندنی ئەم سزا توندە بەسەر قەتەردا لە پای چی؟ پاساوی ئەو وڵاتانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاندووە ئەوەیە بۆ ئەم هەنگاوەیان دژ بە قەتەر کە تۆمەتباری دەکەن بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیان و کۆمەك و هاوکارییەکانی قەتەر بۆ ئیخوان موسلمین و کەناڵی (جەزیرە) و تاقم و گروپە تیرۆریستییەکان و پەیوەندیە توندو تۆڵەکانی لەگەڵ ئێران . دەتوانین بڵێین لە دوای گواستنەوەی بنکە (عێدید)ی ئەمەریکی لە قەتەرەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بە دوور نازانرێت بەریتانیا، کە لە یەکێتی ئەوروپا پاشەکشەی کردووە ئەو هەوڵبدات بۆشاییەی ئەمەریکا بۆ قەتەر پڕ بکاتەوە لە هەمانکاتدا فەرەنساش کە گلەیی هەیە دەربارەی لێدوانەکانی ترامپ کە وتبووی ئەوروپیەکان پابەندییە داراییەکانیان بەرامبەر بە پەیمانی ناتۆ بەجێ نەهێناوە، بە هەمانشێوە دوور

**هەموو ئەو وڵاتانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوحە پچڕاند لەو بڕیارەیاندا ئاماژەیان کردووە بە گومانەکانیان سەبارەت بەو شێوە پەیوەندییانەی لە نێوان قەتەرو ئێران هەیە، ئەمە بێئەوەی قەتەر بە یارمەتیدانی گروپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە**

نییە فەرەنسییەکانیش پێگەی خۆیان لە قەتەر بەهێز بکەن . ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا لە کاردانەوەیەکدا ڕایگەیاند، ئەم سزایانەی دژ بە قەتەر ڕەواو دروست نین و لە جێگەی خۆیدا نییە. ڕۆژنامەی (یەنی شەفەق)ی تورکی نزیك لە ئەردۆگان لە وتارێکدا نووسیویەتی: ئەم قەیرانەی ئێستا بۆ قەتەر خولقێنراوە ئامانج لێی لێدانی تورکیایە لە ڕێگەی قەتەرەوە، کە مەبەستیانە کێشەو قەیرانی دارایی قورسی بۆ دروست بکەن و تاك و تەریکی بکەن، لە هەمانکاتدا تورکیا بوونی (محمد دەحلان)ی فەلەستینی لە ئیمارات بە هەڕەشەو بە یەکێك لە نەخشە داڕێژەرانی کودەتاکەی 15 تەموزی ساڵی 2016ی دەزانێت. ئەم لێدوانانەی ئەردۆگان و کەناڵەکانی نزیك لە خۆی ئەو هەواڵ و دەنگۆیانە پشتڕاست دەکەنەوە کە قەتەرو تورکیا خاڵی هاوبەشیان هەیە لە کۆمەککردنی گروپە تیرۆریستییەکان و پێکەوە کۆیان دەکاتەوە .

شانشینی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، دوو

هاوپەیمانی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوان هەڵمەتێکیان بۆ پەراوێزخستن و گۆشەگیرکردنی قەتەر دەستپێکرد، کە هاوپەیمانێکی دیکەی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا. سعودیەو ئیمارات هۆکاری ئەم بڕیارەیان دەگێڕنەوە بۆ پاڵپشتی کردنی قەتەر لە گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان و پێیانوایە کە ئەم وڵاتە هەوڵی ناارامی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەی کەنداو دەدات. هاوکات دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمەریکا لە لێدوانێکدا رایگەیاند، کە هیوادارە گۆشەگیرکردنی قەتەر ببێتە دەسپێکی کۆتاییهێنان بە دێوەزمەی تیرۆریزم لە جیهاندا. ئەم لێدوانانەی ترامپ لە کاتێکدایە، کە یەکێك لە گەورەترین بنکە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش و تیرۆر لەسەر خاکی قەتەرە.

سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانە، داعش بەرپرسیارێتی پەلاماردانی بینای پەرلەمان و مەزارگەی ئیمام خومەینی لە تاران گرتە ئەستۆی خۆی، کە بووە هۆی کوژرانی (17) کەس و برینداربوونی دەیان کەسی تر. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا سوپای پاسدارانی ئێران پەنجەی تاوانی بۆ شانشینی سعودیە راکێشاو بە توندی رەخنەی لە حکومەتی ریاز گرت. بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم هاوکێشەیەو هەڵسەنگاندنی رەوتی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، پێویستە لە لە ئاستی پرسیارێکی جددی هەڵوەستەیەك بکەین. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: ئایا کێشە و ململانێ گەورەکە لە نێوان کام وڵاتانەدایەو سنوری بێ متمانەیی مەزهەبی لە نێوان شیعەو سوننەدا تا چ ئەندازەیەك پەیوەندی بە رکابەرایەتی و ململانێی نێوان ئێران و سعودیەوە هەیە؟

لە روانگەی سعودیەو هاوپەیمانانیەوە، ئێران بە دژبەرو دوژمنی پلە یەکەم دادەنرێت. ئەو وڵاتانە پەیوەندی نێوان قەتەرو کۆماری ئیسلامی ئێران-یان کردۆتە ئامانج و یەکێك لە هۆکارەکانیشی بریتیە لە پەیوەندی چڕو دۆستانەی نێوان دەوحەو ریاز لە بواری سەرچاوەکانی وزە، بە تایبەت گاز. ئێران و قەتەر خاوەنداری پانتاییەکی گەورە و هاوبەشی گازن لە ناوچەی کەنداو، هەروەها کوێت کە ئێستا نێوانگیری لە نێوان شێخەکانی عەرەب و قەتەردا دەکات، خاوەنی سەرچاوەی نەوتی هاوبەشە لەگەڵ ئێران. جگە لەمەش قەتەر لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندی نزیکی هەیە پەیوەندییەك، کە تووڕەیی و کاردانەوەی توندی لایەنگرانی بیری (پان عەرەبیزم) و موسوڵمانە بناژۆخوازەکانی بەدواوە بووە. قەتەر یەکێکە لە پشتیوانە سەرەکییەکانی رێکخراوی حەماسی فەلەستینی، ئەو رێکخراوەی کە لە روانگەی میسرو سعودیەو تەنانەت ئیسرائیلەوە، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیخوان موسلمین و رێکخراوی قاعیدە هەیە.

ئەو کاتە کاردانەوەی توندی شێخەکانی عەرەب زیاتر دەردەکەوێت، کە ئەم گروپە سوننانە لەلایەن ئێرانی شیعەوە پاڵپشتی و یارمەتی دەکرێن. ئەم وڵاتانە سەبارەت بەم جۆرە پاڵپشتیەی ئێران رەشبینن و وەك سەودایەکی شەیتانیی لێی دەڕوانن. لێپرسراوانی شانشینی سعودیە جەخت دەکەنەوە، کە ئێران لە دوای هێرشە تیرۆرستییەکانی 11ی سێپتەمبەر بۆ سەر ئەمەریکا، داڵدەی گەورە بەرپرسان و کەسە ناسراوەکانی رێکخراوی قاعیدەی داوە. ئەو خەونە ئاڵۆزانەی، کە ئێران بە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەوە بینیویەتی، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی 1979 کاتێك شۆڕشی ئیسلامی بەرپا بوو. ئەم خەونانە بە شێوەی جیاواز بەرجەستە بووە. بەپێی بەڵگەنامەکان حوسنی موبارەك، سەرۆکی پێشووتری میسر، (10) ساڵ بەر لە ئێستا، سەبارەت بە فراوانخوازی و هەڵپەکردنی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردن و خستنە ژێر رکێفی وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو تاکو مەغریبی عەرەبی هۆشداری داوە.

قەیران و شەڕی ناوخۆی سوریا، فاکتەرێکی تری درێژەپێدانی کێشەو ململانێکانە. لە روانگەی شێخەکانی کەنداوەوە، سەرهەڵدانی داعش و فراوانبوونی رۆڵی ئێران لە عێراق و سوریا، هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکە لاسەنگ کردووە. بە وتەی ژەنەراڵ مەحمود فریحات، کە فەرماندەیەکی سەربازی باڵای ئوردونیە رایگەیاندووە «ئێران هەوڵیداوە بە رێگەی عێراق و سوریا پشتێنەیەکی ئەمنی لە نێوان پانتایی خاکی خۆی و تا لوبنان پێکبێنێت. شەڕی یەمەن و پشتیوانی لە چەکدارە حوسییەکان، نموونەیەکی دیکەیە لە ململانێی ناوچەیی لە پێناو سەپاندنی باڵادەستی هێزە دەسترۆیشتووەکان. لە یەمەن ئێستا

حوسییەکان وەك کەمینەیەکی شیعە لە بەشێك لە خاکی ئەم وڵاتەدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە و چەکدارانی قاعیدەش بەشێکی تری خاکی یەمەنیان لەژێر کۆنترۆڵدایە. ئێران و سعودیە یەکتر بە پرچەککردن و پاڵپشتی کردنی هێزو لایەنەکانی شەڕی ناوخۆی یەمەن تۆمەتبار دەکەن. لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە گۆڕێ ئەمەیە: بۆچی لە ئێستادا ئەم دوژمنایەتی و ململانێیانە تا دێت زەقترو بەرچاوتر دەبێت؟

بەپێی زانیاری و ڕاپۆرتەکان، شانشینی سعودیە زۆر نیگەرانە لە ئایندەی ناوچەکە، هۆکارەکەشی هەبوونی ڕێککەوتنێکە، کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە قەتەر توانیویەتی لە مانگی نیسانی ڕابردوو نزیکەی (30) کەس لە هاوڵاتیانی خۆی لە عێراق ئازاد بکات. ئەگەرچی وردەکارییەکانی ئەم ڕێککەوتنە تەواو ئاشکرا نەبووە، بەڵام دەوترێت ئێران و گرووپە جیهادییەکانی سوریا لەم ڕێککەوتنەدا زۆرترین سوودیان وەرگرتووە. لە دوای ئەم ڕێککەوتنە، حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی عێراق باسی لە دۆزینەوەو دەستبەسەرداگرتنی ژمارەیەك جانتا کردووە، کە بە سەدان ملیۆن دۆلاری تێدا بووە. ئەگەرچی وەزیری دەرەوەی قەتەر جەختی کردەوە، کە لەگەڵ هیچ گرووپێکی چەکداریدا لە دەرەوەی بازنەی سەروەری دەوڵەتی عێراق دانوستانیان نەکردووە، بەڵام سعودیە هیچ کات باوەڕی بەم لێدوان و ڕوونکردنەوانەی لێپرسراوانی قەتەر نییە. دواتر بابەتی هاك کردنی ئاژانسی هەواڵیی فەرمی قەتەر لە 23ی مانگی ئایارو ئاشکرابوونی ڕاپۆرتێکی هەستیاری پەیوەست بە قەتەر هاتە ئاراوە، کە تیایدا هاتووە: دوژمنایەتی کردن لەگەڵ ئێران هیچ پشتیوانیەکی لۆژیکی تێدا نییە، لە بەرامبەردا میدیاکانی سعودیەو ئیمارات بەرامبەر بەم ڕاپۆرتە کاردانەوەو هەڵوێستی توندییان نیشاندا.

فاکتەرێکی دیکەی توندتربوون و هەڵکشانی ململانێکان، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە. شانشینی سعودیە زۆر لە ئیدارەی باراك ئۆباما ڕازی نەبوو متمانەیەکی ئەوتۆی پێ نەدەکرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەمەریکا حوسنی موبارەك، هاوپەیمانی شێخەکانی کەنداوی لە دەسەڵاتی میسر دوورخستەوە و سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی لەگەڵ تاران گەیشتە ڕێککەوتن، ئیتر لێرەوە بوو ئەم هەستە لەلای وڵاتانی عەرەبی دروستبوو، کە لە سیاسەتی دەرەوەو ناوچەیی ئەمەریکادا ئەوان پەراوێز دەخرێن. تێکرای ئەم فاکتەرانە، بوونە هۆی ئەوەی، کە نەوەی سیاسی نوێی ریاز بڕیار بدەن تا سیاسەتێکی توندترو کاریگەرتر لە بەرامبەر بە ئێران بگرنەبەر. قەتەر یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییە بوو. بە ڕای کۆمەڵێك لە چاودێران و شرۆڤەکارانی سیاسی، سەردانەکەی ئەمدواییەی دۆناڵد ترامپ بۆ سعودیە، هاندەرێکی سەرەکی بوو لە هاندانی لەم بێباکیەی کە بەرامبەر بە ئێران و قەتەر گرتوویانەتە بەر.

پێشوازی سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترامپ لە باڵی توندڕەوی دەسەڵاتدار لە سعودیە، هەڵگری پەیامێکە بۆ تاران کە گۆڕانکارییەکانی ئێران، بە تایبەتی هەڵبژاردنەوەی حەسەن ڕۆحانی بۆپۆستی سەرۆك کۆماری ئێران، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمەریکاو سەرۆکەکەی نابێت. ترامپ بە ڕوونی لە کۆبوونەوەکەی ریاز ئەم پەیامەی ئاراستەی حکومەتی تاران کردو ئێرانی بە پشتیوانی سەرەکی تیرۆریزم و نائارامی لە ناوچەکەدا دایە قەڵەم. هێرشەکەی ڕۆژی 7ی حوزەیرانی 2017 بۆ سەر پەرلەمان و مەزارگەی خومەینی لە تاران، کە دواتر ڕێکخراوی داعش بەرپرسارێتیەکەی گرتە ئەستۆ، بۆ خۆی هێرشێکی ئامانجدار بوو بۆ سەر هێماکانی گەورەترین دەوڵەتی شیعە لە جیهاندا، بەڵام تاران پێیوایە کە ئەم هێرشە ڕاستەوخۆ دوا بەدوای سەردانەکەی ترامپ بۆ شانشینی سعودیە ئەنجام دراو پەیوەندی بە کۆبوونەوەکانی سەرۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سەرانی وڵاتانی عەرەبی و سعودیەوە هەیە. لە ڕاستیدا ئەم لێدوان و تێڕوانینەی دەسەڵاتدارانی ئێران مەترسیدارە و ئاماژەیە بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕو ململانێکان و دەبێت چاوەڕێی خراپتری لێ بکەین.

## سەرچاوەکان:

NewsAir، euronews،bbcarabic، arabic.rt، www.snurmedia